کاتێک دەمریت زەوی وەردەگریت ئەی پێشمەرگەی قارەمان!!

بمرێ گەندەڵی

لـــەم رۆژانـــەدا بـــازاری جـــاش وجاشـــولکەو موســـتەشـــارو بەعسییەکان گەرمەو لە هەموو لایەکەوە باسی ئەوانەو پێشمەرگەی دێرین وکەسوکاری ئەنفاکراوەکان و شەهیدان وخەڵکی بە شەرەفی کوردستان لە گەرمیان و هەڵەبجەو شیخ وەسان و سێوسێنان و بادینان و هەموو دەقەرو ناوچەکانی کوردستان دەنگی نارەزایەتی بەرز دەکەنەوەو داواکارن ئەو جاشانە رادەستی دادگای تاوانەکان بکرێن.

هەموو لایەک بە گشتی و بەرپرسانی کوردستان بە تایبەتی دەزانن و ئاگایان لە کردەوە دزێوەکانی حزبی بەعس و وسیخورەکانی ئەمن و ئیستخبارات و موستەشارەکانی جاش بووە، لە راونانی تێکۆشەران و جەماوەری گەل و گرتنیان و راپێچکردنیان بۆ ژورە تاریکەکانی زیندان بە مەبەستی تێهەڵدان و کوشتن و لەناوبردنیان.

ئەمرۆ بە یارمەتیدانی هەندێ لە بەرپرسەکانی کوردستان بە شێوەیەکی ئاشکرا بەعسی وجاش و سەرۆک جاش (موستەشار) ی تاوانبارو خاین دەگەڕێنەوە کوردستان و دالدەیان دەدەن و مووچەی تایبەتی وەردەگرن و لە باشترین شوێن زەوی و زاریان دەدرێتی و لە پاڵ ئەمەش پارەی چاو قاوەو دێوەخان وەردەگرن ولە لایەن پۆلیس و ئاسایشەوە دەپارێزرێن.

لە کاتی تەنگانە، وەک رۆژانی هەڵبژاردن بۆ پەرلەمانی کوردستان و پەرلەمانی عێراق، سەرۆک و لێپرسراوانی کورد بیری پێشمەرگەو شەهیدان دەکەن و، بە گەرمی باسیان دەکەن و، سۆزو بەڵێن و پەیمانی زۆر دەدەن کە هەرچی باشەو لەبارە بۆیان جێ بەجێی دەکەن، بەڵام ئەوە هەر قسەو باسە دەکرێن و، پاش هەڵبژاردن و دەنگدان کاریان بە خێزانی شەهیدان و پێشمەرگە نامێنێت و زوو پشت گۆی دەخرێن و، گوریسەکەیان لی دەبێتەوە بە خوری و، کەس باسیان ناکات و، دەرئەنجام هیچیان بۆ ناکەن و، ئەو کات پێشمەرگەکان دەزانن سەرکردە و لێپرسراوان درۆیان لە گەڵدا کردوون و، بەوەش ئازارێکی سەختی جەستەو دەروونی باوک و دایک و براو خۆشک و کەسوکاری شەهیدان و پێشمەرگە دەدەن ومتمانەیان لای ئەوان و گشت پێشمەرگەکان لاواز دەبێت و، سەنگ و قورساییان لە ناو کۆمەڵگەی کوردەواریدا روو لە نشوستی دەکات و دەبنە گاڵتەی سەر زاری دۆست و ناحەزان.

من وەک سەدان و هەزاران پێشمەرگە لە وڵاتەکەم (کوردستانی شیرین) مافم خووراوەوە، یەک بست (زەوی) م نییەو هیچم پێنەدراوەو، بۆ نەگبەتی زوربەی ناسیاوەکانم باوەر ناکەن، هەندێکیان سۆیند بە خواو بە پێغەمبەرو بە (موقەدەسات) و تەڵاق دەخۆن و دەڵێن (ئەحمەد رەجەب) زەوی وەرگرتووەو بۆیە بێدەنگە!!!!!.....

من تا ئێستا (بستێک) زەویم نییەو هیچم وەرنەگرتووەو، قەت بێدەنگ نەبووم و، لە زۆر بواردا باسم لێکردووەو، هەمیشە وتوومەو دەیڵێمەوە: ناسیاوەکانم (هەقیانە) باوەر نەکەن و، ئەوان روو بە روو پێم دەڵێن: ئەگەر زەوی بە تۆ نەدرابێت وەک بەرپرسێک لە رۆژانی سەخت و دژواری پێشمەرگایەتیدا، ئەی بە کێ دراوەو، بە کێی دەدەن!!!؟؟؟؟...

من لێرەدا قسەکانی خۆم دووبارە دەکەمەوە کە لە نووسینێکی تردا ئاماژەم پێداوەو دەڵێم:

وەڵامدانەوەی ئەو بەرێزانە ئاسان نییەو، بگرە زرۆیش سەخت و ئاڵۆزە چونکە راستە زەوی (ئەرزە) بە بەشێک پێشمەرگە دراوەو، ئەوەش مافی خۆیانەو، جێی دڵخۆشی ئێمەی پێشمەرگەو ئەو کەسانەیە کە دڵسۆزی گەل و نیشتمانن و، من لێرەدا ناچارم بە (راشکاوی) ئاماژە بەو کەسانە بدەم کە لە ریزی بەعسی جانەوەری خۆینمژ وەک: سیخور، راپۆرت نووس، جاش، موستەشارو کارمەندی پایە بەرزی دامودەزگاکانی رژێمی دیکتاتۆری گۆر بە گۆر کاریان کردووەو، ئەمرۆش هەر ئەو دوژمنانەی گەل ونیشتمان لە ریزی پێشەوەن و، بوونەتە خاوەن ماف لە ئەرز (زەوی) وەرگرتن، مووچەی باش و، پلەو پایەی بەرزو نایاب و بوونەتە ئەندامی پەرلەمان و موستەشاری دەستە راستی سەرۆک و لێپرسراوانی کوردستان و، تەنها بۆ نموونە قاسم ئاغای کۆیە، فەتاح بەگی جافی کەلارە کۆن، تاهیر عوسمان، سمایل عەزیز، خالیدی خولە سوورو ژمارەیەکی زۆر لە موستەشارە گەورەکانی سەردەمی رژێمی بەعسی خۆینرێژو، جێی ئاماژەیە ئەم رووەرەشانە لە لایەن کەسوکاری قوربانیان و ئەنفالکراوەکانەوە تاوانبار دەکرێن بەوەی دەستیان هەبووە لە ناوبردنی بە کۆمەڵ و لە ئەنفالکردنی رۆڵەکانیانداو، لە لایەن دادگای باڵای تاوانەکانیشەوە داوا کراون.

ئەمرۆ لە کوردستاندا بەعسیەکان، سیخورەکان، جاش و جاشولکەو موستەشارەکان و ئەوانەی دوژمنی سەرسەختی کوردو کوردستان بوون باڵا دەستن و هەموو شتێکیان بۆ دەکەن: (خوا پێیداون و سەرۆک و بەرپرسانیش یارمەتیان دەدەن!!)....

نازانم چۆن چۆنی کیمیا بارانی هەڵەبجە، سێوسێنان، شیخ وەسان وبادینان لە بیر دەچن؟؟، چۆن چۆنی ئەنفالی بەدناوی دۆڵی جافایەتی، قەرەداغ، گەرمیان، دەشتی کۆیە، دۆڵی سماقولی، دۆڵی بالیسان و دەقەری بادینان لە بیر دەکرێن؟؟؟!!!... چۆن چۆنی قرکردنی(182) سەدو هەشتاو دوو هەزار کەسی بێ تاوان فەرامۆش دەکرێن؟؟!!... کوا شەرەف؟؟ کوا پیاوەتی؟؟ کوا راستگۆیی؟.. تا کەی بە درۆو دەلەسەو پەیمان و بەڵێنی بەرپرسانی کوردستان باوەر بکەین؟؟ تا کەی زەوی بە زۆربەی خێزانی شەهیدان و پێشمەرگە نادەن؟؟.

ئەری لە کۆتاییدا چۆن چۆنی بەرپرسەکانی کوردستان دەوڵەمەند بوون؟؟، ئەوانیش وەک ئێمە پێشمەرگە بوون؟؟!! چۆن چۆنی خانووی سێ و چوار قات و ئەپارتمانی بەرزو باڵەخانەی بڵند دروست دەکەن؟؟ نازانم چۆن چۆنی بەشەو دولار دەنێژن وبەیانی لە شەفەقدا بەروبوومەکەی کۆ دەکەنەوە؟؟ ئەگەر وا نەبێت چۆن بەرپرسێک خانووی مۆدیرن بایی (500000) پێنج سەد هەزار دۆلار دروست دەکات!!، تاکەی پارەی کوردستان دەدزن؟؟ گیرفانەکانتان لێدەرژێت، لە کۆی ئەم پارە مۆڵەتان هێنا؟؟.

کەی مافی پێشمەرکە دەدەن؟؟ دیارە کاتیک پێشمەرگە کۆچی دووای دەکات، دەمرێت، ئەو کات مافەکەی دەدەن.

با هەموو کەسانی دڵسۆزو نیشتمانپەروەرو، کەسانی پاک و خاوێن بە یەک دەنگ بڵێن : زەوی بۆ خێزانی شەهیدان و پێشمەرگە.

ریسواوو روو رەشەی بۆ ئەو کەسانە مافی شەهیدان و پێشمەرگە زەوت دەکەن..

ئەحمەد رەجەب

تکایە با دیاردەی دزێو بنبڕ بکرێت

زۆر بە پێویستی دەزانم لە رێی هەفتەنامەی **رۆژی گەل**ی خۆشەویستەوە باس لە دیاردەیەکی دزێوی نێو شاری کەرکوک بکەم، هەر لە رێی ئەو هەفتەنامەیەشەوە داوا لە لایەنی پەیوەنددار بکەم کە هەرچی زووە ئاورێکی لێبدەنەوەو بیسڕنەوە.

هەموومان دەڵێین کەرکوک دڵ و قودسی کوردستانە و دەبێ ناسنامەی کوردستانییوونی بۆ بگێڕدرێتەوە، بۆیە دەبوایەو دەبێ زۆر لێزانانە رەفتار لەگەڵ کێشەی کەرکوکدا بکەین، بەڵام بەداخەوە لە ماوەی حەفت ساڵی دوای رووخانی رژێمی دیکتاتۆری هێزە سیاسیەکانی کوردستان بەتایبەتیش هەردوو لایەنە گەورەکە درێژەیان بە ململانێی نێوانیان لەناو شاری کەرکوک داوە، هەردوولایەن دەیانەوێ بوونی خۆیان گەورەبکەن و پێشانی خەڵکی بدەن، لەو رێگەیەشەوە بۆ خۆیان و بۆ ئەندامانیان پارەیەکی زۆریان هەڵرشتوە، بەڵام هیچ ئاگایان لە خەڵکی ئاسایی نیە و لەهەندێ حاڵەتدا گرفتیشیان بۆ دروست دەکەن، ئەوەی لێرەدا من دەیگێڕمەوە رووداوێکی راستەقینەیەو ماوەیەک لەمەوبەر بەسەر خۆمدا هات.

من دانیشتووی شاری کەرکوکم و ماوەی 100 ساڵ زیاتر دەبێ کە باوکم و باپیرەم لە کەرکوک ژیاون، لە ماوەکانی رابردوودا ویستم ماڵەکەمان بۆ گەڕەکی ئازادی شاری کەرکوک بگوازمەوە، ئیتر بۆ کاری پێویست داوای پاڵپشتی نیشتەجێبوونیان لێکردم، منیش هەواڵی موختاری گەڕەکم پرسی، گوتیان لێرە دوو موختار هەیە، یەکیان پارتی و ئەوی دیکەیان یەکێتیی!! ئەمەم بە ئاسایی وەرگرت چونکە دەزانم ئێرە کەرکوکەو هەموو شتێکی لێچاوەڕوان دەکرێ، بۆیە سەرەتا سەردانی یەکێکیانم کرد، لێمپرسی سەر بە حزبەکەی ئێمەی، منیش گوتم: (ناوەڵا من بەس کوردم و ئەندامی حزبی ئێوە نیم)، ئەو کە خەریک بوو فۆرمی نیشتەجێبوونی بۆ پڕ دەکردمەوە، یەکسەر قەڵەمەی داناو گوتی: (گوتی من ناتوانم پاڵپشتیت بدەمێ، برۆ بۆ لای فلانە کەس)، هەرچەندە کەمن ئەو رەفتارەی کاکی موختارم زۆر لە دڵدا گران بوو، بەڵام قسەم نەکردو یەکسەر بەرەو لای ئەوی دیکەیان رۆیشتم، مەسەلەکەم بۆ گێڕایەوە، ئەویش گوتی : (دەباشە کەواتە ئەندامی حزبەکەی ئێمەی؟)، بەڵام من ئەندامی ئەوان نەبووم، بۆیە گوتم: (ناوەڵا کاکە گیان من ئەندام نیم، بەس کوردم و کاتی خۆی بەعس شار بەدەری کردبووین و خانوەکەی لێداگیر کردبووین و دوای رووخانی بەعس وەرمانگرتەوە و ئێستاش من هاتوومەتە گەڕەکی ئازادی). کاکی موختار سەیری ناسنامەی باری کەسێتی کردم و بینی کەرکوکی لێنووسراوە، بەڵام هەناسەیەکی هەڵکێشاو گوتی: (داوای لێبوردن دەکەم، منیش ناتوانم بۆت بکەم).

رەفتاری ئەو موختارانە زۆر بێزاری کردم، بۆیە بەباشم زانی کە گلەیی و گازاندەی خۆم لە رێی هەفتەنامەی رۆژی گەل بە لایەنی پەیوەنددار بگەیەنم. لە کۆتاییدا دەڵێم: (ئەگەر دەتانەوێ کەرکوک بۆ سەر کوردستان بگەڕێتەوە، تکایە ئەو دیاردە دزێوانە بنبڕ بکەن)

ئازاد.م.ع

حکومەت! بەدواداچوون بۆ بڕیارەکانت بکە!

حکومەتی هەرێم، وەزارەتەکان و فەرمانگەکان دەیان بڕیارو رێنوێنی دەردەکەن، لە راستیدا ئەو بڕیارو رێنوێنیانە شتی باشن و لە بەرژەوەندی خەڵک و حکومەتیش دان، بەڵام تەنیا ماوەیەک کاریان پێدەکرێ، دواتر لەبیر دەچنەوە، ئەوەش بۆمان دەردەخات کە لایەنی حکومەت هیچ بەرنامەی بە دواداچوونی بۆ بڕیارو رێنوێنیەکانی خۆی نیە.

حکومەت بریاری داوە کە نابێ کەس بە چەکەوە بچێتە ناو نەخۆشخانەکان و دامودەزگەکانی حکومەت، بەڵام من بەچاوی خۆم بینیومە کە بەرپرسی حزبی هاتووە، نەک پرسگە نەیتوانیوە پرسیاری لێبکات، بەڵکو یەک پێ لەبەری هەڵساوەتەوەو رێی بۆ چۆڵ کردوە، ئەویش سوکە سڵاوێکی کردوە، خۆی و پاسەوانەکانی چونەتە ژوورێ، کاتێکیش لە کاکی پرسگە هۆکاری لێنەپرسین و رێپێدانی پرسیار کراوە، گوتویەتی : (وەڵا ئەم نایناسم، بەڵام دیتم لە مۆنیکا هاتەخوارێ و چەند پاسەوانێکی لەگەڵدابوو، ئیدی چۆن دەویرم پرسیاری لێبکەم و نانی خۆم ببڕم!)

حکومەت بڕیاری دەرکردوە کە نابێ دوای دەوام سەیارەکانی دەوڵەت بەکار بهێندرێن، بەڵام ئەگەر تاکە جارێک چاودێری بکرێ و ئاماری ورد بکرێ، بۆمان دەردەکەوێ کە ئێواران و شەوانە سەدان سەیارەی وەزارەتەکان و فەرمانگەکان لە شەقامەکان دا دەسوڕێنەوە، ژن و منداڵیان تێدایە، یان ئەگەر بچین و لە گەراجی بازاڕە هاوچەرخەکان ژمارەی ئەو سەیارانەی حکومەت بنووسین کە بۆ کاری تایبەت بەکار دێن، ئەوکاتە بۆمان دەردەکەوێ کە بڕیاری بەکارنەهێنانی سەیارەی حکومەت بۆ کاری شەخسی نەک هەر کاری پێناکرێ، بەڵکو ئێستا زۆر بە ئاشکراو بە بەرچاوی پۆلیسی هاتووچۆوە شەوانە لە شەقامەکاندا دەسووڕێنەوەو کەسیش لەگوڵ کاڵتریان پناڵێت.

حکومەت پۆلیسی هاتووچۆی بۆ ئەوە داناوە تا چاودێری شۆفێری لامل و سەرەڕۆ بکات و رێیان پێنەدات ئەوان سەرپێچی بکەن، هەر بۆ ئەوەش ماندوو دەبن و زەحمەتدەکێشن و لەسەر شەقامەکان و لە فلکەکان رادەوەستن تا گیانی خەڵک لە شۆفێری سەرەڕۆ بپارێزن و پارێزگاری لە یاسا بکەن، بەڵام رۆژانە دەیان و سەدان شۆفێر بەبەرچاوی پۆلیسی هاتووچۆوە سەرپێچی دەکەن، بەتایبەتیش لە فلکەکاندا، کەچی کاکی مرور خۆشی ناجولێنێ، کە لێشی دەپرسی ئەوە بۆ یەخەی ئەو شۆفێرەت نەگرت؟ لەوەڵامدا دەڵێ: (چما ئیشم نیەو بچم کێشە بۆ خۆم دروست بکەم؟!)

حکومەت بۆیە فەرمانگەو بەڕێوەبەرایەتی و وەزارەتی هەیە، تا کێشەو گرفتی هاوڵاتیان چارەسەر بکەن، لایەنی کەم دەبێ گوێ لە خەڵک بگرن و بزانن چیان دەوێت، بەڵام زۆربەی جاران کاکی پرسگە رۆڵی وەزیر و بەڕێوەبەری گشتی و فەرمانبەرەکان دەبینێ و هەر لە رێوە پێت دەڵێ بگەڕێوە ئەوە ناکرێ، یان پێت دەڵێ برۆ فلانە شت بهێنە کە هیچ پەیوەندیشی بە بابەتەکەوە نیە. لێرەدا هەقی خۆیەتی کە وەزارەتەکان و بەڕێوەبەرێتیەکان و فەرمانگەکان رێنوێنی پێویست بۆ پرسگەکان دابنێن و ئامۆژگاریان بکەن و فێریان بکەن کە چۆن ئاسانکاری بۆ خەڵک دەکەن.

نامیق حەمەدەمین

پێشمەرگەی خانەنشین، زیندانی سیاسی و قەرەبووی ماددەی

پێشمەرگە ئەو فیداکارە لەخۆبردوە بوو کە گیانی خۆی لەسەر لەپی دەستی خۆی دانابوو، چەکی بەرگریکردنی لە گەل و خاکەکەی لە شان کردبوو، خۆی بۆ مردن ئامادە کردبوو، بۆیە مافی خۆیەتی کە رێزی لێبگیرێ و خەڵات بکرێ و ژیانی دابین و مسۆگەر بکرێ، هەڵبەت ژمارەی ئەو فیداکارانەش لە دەیان هەزار تێپەڕی نەدەکرد، کەچی ئێستا هەرچی هەڵدەستێتەوە وەک پێشمەرگەی دێرین و فیداکاری گیان لەسەر دەست حیسابی بۆ کراوە، ناسنامەی پێشمەرگەی دێرینی لەباخەڵ دایەو مووچەی خانەنشینی پێشمەرگە وەردەگرێ. واتە ئەوەی فیداکاری زۆری کردوە، ئەوەی کەمی کردوە، ئەوەی هەر هیچی نەکردوە لە یەک لیستدا ناویان تۆمارکراوەو لەیەک شوێنیش مووچە وەردەگرن. هەندێکی دیکەش فیداکاری زۆریان کردوە، چەندین ساڵ بێپسانەوە چەکی پێشمەرگایەتیان لە شان بووە، بەڵام خانەنشین نەکراون!

دیارە ئەرکی حکومەت کە ژیانی هەموو ئەوانە دابین و مسۆگەر بکات کە لەسەر کورداییەتی ئازارو دەردەسەریان دیتوە، هەروەها قەرەبووی هەموو ئەوانەش بکاتەوە کە زیانیان پێکەوتووە، بەڵام نابێ رەش و سپی تێکەڵاو بکرێ و رەنجی هەموویان هاوتا بکرێ، چونکە نەک هەر حوکمێکی ناڕەوایە بەڵکو بێویژدانی و بێرێزی کردنیشە بە فیداکاری راستەقینە.

زیندانانی سیاسی ئەو تێکۆشەرە گەورانەن کە لە پێناو دۆزی رەوای گەل و نیشتمانەکەیان گیران، ئازارو ئەشکەنجەدران، سوکایەتیان پێکراو بەناڕەوا حوکمی زیندانیکردنیان بۆ بەسەردا سەپێندرا، ئەوانە مافی خۆیانە کە رێزیان لبگیرێ و پاداشتیان بدرێتەوە، بەڵام ئێستا بازاڕەکە هەرزانفرۆش کراوە، کەسانی وا خۆی بەزیندانی سیاسی دادەنێ و ناسنامەی زیندانی سیاسی لەباخەڵ دایە کە یان لەسەر کێشەی لاوەکی گیراوە یان تەنیا چەند رۆژو هەفتەیەک لە بنکەکانی پۆلیس راگیراوە و هیچ ناخۆشی و دەردەسەری لەسەر گەل و نیشتمان و بیروباوەڕەکەی نەدیتوە. هی واهەن کە لە کاتی شەڕی ناوخۆدا چەند رۆژێک گیراون ، کەچی هەموو ئەوانە خۆیان بە زیندانی سیاسی دەزانن، بۆیە دەبێ پێوەرێک بۆ هاوێرکردن و جیاکردنەوەی رەش و سپی هەبێت، ناکرێ هەر کەسێ هات و گوتی عاشقم باوەڕی پێبکرێ!!

قەرەبووکردنەوەی هەموو ئەو خێزانانەی کە رژێمی بەعس لە گوندو ئاواییەکانی خۆیان هەڵکەندن و دەربەدەری کردن، کارێکی رەواو پێویستە، بەتایبەتیش هاوکارییێکی باشە بۆ ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان، بەڵام ئەوەی جێی پرسیارو سەرسوڕمانە، ئەوەیە کە چەکی قەرەبوو بە هەندێک کەس دراوە کە رۆژێک لە رۆژان لە گوند نەژیاون و هەرگیز خانووەکانیان نەڕوخێندراوە، بەڵام ناوی ئەوانە نەهاتۆتەوە کە بەراستی خەڵکی لادێ بوونە، خانووەکانیان رووخێندراوە و زیانیشیان پێگەیشووە.

سەنگەر محەمەد